# هەواڵ هەواڵ

## رانیە: لەجیاتی براکەی ئەشکەنجە دەدرێ

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ، لەرۆژی 2007-7-25 بە پێ فەرمانی دادگا، پۆلیسی ئامادەی رانیە هەڵدەکوتنە سەرماڵی شە هید (مامە ند) بۆ گرتنی کوڕی ئەوماڵە کەلەگەڵ کوری دراوسێکە یان بەشەڕ هاتووە. پاشان ماڵەکەیان پشکنیووکورەکەیان نەدۆزیوەتەوە بەلام لەجیاتی ئەو براکەیان کەناوی( یونس) ە بردوە. بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵەکە هەرچەندە کەیونس ئاگای لەهیچ نەبووە بەڵام ڕاپێچی زیندانی دەکەن وئەشکەنجەی دەدەن وپاشان لەوکاتەدا تەلەفون بۆ ماڵەوەیان دەکەن تاکو ئاگایان لەدەنگی هاوارەکەی بێت بۆئەوەی فشارێک بێت بۆیان تاکوو کورەکەی تریان بەدەستەوە بدەن.

## لەئاکامی هەڕەشەیەک کۆتایی بە ژیانی دەهێنێ

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی نزیک لەم هەواڵە رۆژی28-7-2007 لەگوندێکی سەربەناحیەی خەلەکان، کچێکی تەمەن بیست ودوو ساڵ بەناوی (ڕازیە مەجید) بە هۆی ئەوەی کە لەسەر باوەژنەکەی باوکی هەڕەشە لەکچەکەی خۆی دەکات دواتر لە نارەحەتی دا کچەکەلەنزیک گۆڕستانی گوندەکە نەوت دەکات بەخۆی دا وخۆی دەسوتێنێ.

## بە بلۆک پەلاماری خێزانەکەی دەدات

لەرۆژی 2007-7-27 ولاتی (ع- ا) کەتەمەنی سی و شەش ساڵەوتووشی نەخۆشی دەرونی هاتوە، لەکاتێکداکە خێزانەکەی خەوتووە بەبلۆک پەلاماری خێزانەکەی دەدات ولە ئاکام دا خێزانەکەی بریندار‌دەکات، پاشان ئافرەتەکە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی قەلادزێ بۆ چارەسەری برینەکەی.

## ئافرەتێک دەخنکێنێ

لەرۆژی27-7-2007 ئافرەتێک بەناوی(ا- ع ) کەتەمەنی سی ودوو ساڵەولەگەڕەکی شەهیدانی قەلادزێ نیشتەجێ یە، بەهۆی کێشە لەگەڵ هاوسەرەکەی دەچێتەنێوگەرماوی ماڵەکەیان لەوێ خۆی بە لەچکەکەی دەخنکێنێت، لەدوای ئەم ڕوداوەمێردەکەی ڕادەکات وتەرمی ئافرەتەکەش ڕەوانەی نەخۆشخانەی قەلادزێ کراوە بۆ لێکۆلینەوە.

## ئافرەتێک بریندار دەکرێ

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ، لەرۆژی 2007-7-26 ئافرەتێک بەناوی (ف- س) بەهۆی کێشەیەکی خێزانی لەنزیک ماڵەکەیان گوللەیەکی بەردەکەوێت وبەسەختی بریندار دەبێت، پاشان مێردەکەی هەڕەشەیان لێ دەکات کەئەگەر بێت و ژنەکەی بمرێت ئەوە تۆڵەی خۆیانی لێ دەستێنێ.

## کارەبا گیانی سێ کەس دەکێشێ

رۆژی 2007-7-28 لەگوندی (مەجیدئاوا) ی سەربەقەزای سۆران وڵاتیک بەناوی (ع- ئ) کەتەمەنی سی ساڵ دەبوو، لەکاتی داگیرسانی ترومپایێک بۆ هەڵکێشانی ئاوکارەبا دەیگرێت و گیانی لەدەست دەدات، جێگەی ئاماژەیە قوربانیەکە ویستویەتی بیرەکەی قوڵتر بکات، کەچی ئەم بەلایەی بەسەرداهاتووە.

لەرۆژی26-7-2007 ولاتی(خ- م) لەناحیەی وەرتێی سەربە ناحیەی چۆمان بەهۆی بەکار هێنای مۆلیدەی کارەبا لەنزیک روبارەکە و تەڕ بوونی مۆلیدەکە، کارەبا دەیگرێ ودەیکوژێ ناوبراو تازە خانوێکی دروست کردبوو بەلام ئەجەل مۆڵەتی پێ نەدا.

لەلایەکی دیکەشەوە زانراوە کە هەربەهۆی کارەباوە ولاتی (ز- ع) کەدانیشتوی شاروچکەی سیتەکان بوو، لەبینایێک ئیشی دەکرد گیانی لەدەست داوە.

## بیست وپێنج دۆنم زەوی دەسوتێ

لەرۆژی 2007-7-24 بەهۆی بەریەک کەوتنی تەلەکانی کارەبای نێوان گوندی( سرێشمە- دەربەندۆرە ) زیاتر لە 25 دۆنم لەدەغڵ و دان و پاوەنی ولاتیان سووتا، ولاتیانی دەڤەرەکە داواکارن تاکوو حکومەت قەرەبویان بۆ بکاتەوە.

.

## یازدە راوچی دەستگیر دەکرێن

بەگوێرەی سەرچاوێکی هەواڵ لەپۆلیسی دارستانی پێنجوێن رۆژی 2007-7-31 نزیکەی یازدەڕاوچی گیران کەبەمەبەستی ڕاوە ماسی لە چۆمێکی نزیک گوندی تاتار لەناحیەی گەرمەک بۆ ڕاو رۆشتبون، سەرچاوەکە ڕایگەیاند؛ کە بۆ ماوەی هەفتاوو دوو کاتژمێرئەویازدە ڕاوچی یە بەکەفالەت ئازاد کراون تاکو رۆژی سێ شەمەی داهاتو بڕیاری غەرامەکردنیان لەلایەن قائمقامی پێنجوێن بۆ دەردەچێت. هەوەها وتیشی کە سێ کەسیان خەڵکی سووراون ما بەقی خەلکی تاتار و گوندی قەلەندەرن.

## دوزخورماتوو:دەستریژی لەگەنجان دەکرێ

لە پەلامارێکی تیرۆریستی بۆ سەرچەند گەنجێکی دانیشتوی گۆندی (یەنگیجە) ی سەربەقەزای دوزخورماتوو هەفت گەنج دەبنەقوربانی و هەشتی دیکەش بریندار دەبن.لەم بارەیەوە سەرچاوەیکی ئاگەدار لە دوزخورماتوو بەپەیامن بەپەیامنێرمانی راگەیاند؛ شەوی 30-7-2007 چەن گەنجێک بە مەبەستی کات بەسەر بردن دەچنە نێو دوکانێکی ساردەمەنی و لەوێ دادەنیشن چەن تیرۆریستێک کە دوو ئۆتۆمبێلیان پێ دەبێ دەگەنە بەردەم ئەو دوکانەو دەستریژی گوللە دەکەنە سەر ئەو کۆمەڵە گەنجە کەلەئاکامدا هەفت گەنج دەبنە قوربانی و هەشتی دیکەشیان بریندار دەبن، سەرچاوەکە ئەوەشی راگەیاند؛ کە تیرۆریستان بەرەو شوێنێکی نادیار ڕایان کردوە. برینداەکان رەوانەی نەخۆشخانەی دوز خورماتوو کراون بەمەبەستی چارەسەر کردن.

## خانەقین: تەرمێک دەدۆزرێتەوە

دوای دیار نەمانی ولاتی (ع-ع)کە کوردێکی دانیشتوی گەرەکی تۆڵە فرۆشی شاری خانەقینە لە رۆژی 2007-7-31 تەرمەکەی لە گوندی یوسف بەگی سەر بە ناعیەی خانەقین دۆزرایەوە ، لەم بارەوە سەرچاوەیکی ئاگەدار بەپەیامنێرمانی راگەیاند؛ناوبراو کارمەندی لێژنەی مادەی دەستوری سەد و چل بووە لەشاری خانەقین ، هەمان رۆژ تەرمەکەی دەگەینە شاری کەلار بەمەبەستی پشکنین و لەئەنجامدا دەردەکەوێت کەناوبراو بە پەت خنکێنراوەو ئاسەواری پەتەکەش بە ملیەوە دیارە

## جەلەولا: ولاتیەکی عەرەب تیرۆر دەکرێ

بەگوێرەی سەر چاوەی هەواڵ، لەشەوی 1-8-2007بۆمبێکی چێنراو لە ماڵی ولاتی (عودەی عسمان ) کە عەرەبێکی دانیشتوی گەرەکی شوهەدای شاروچکەی جەلەولایە دەتەقێتەوەو لە ئاکامدا کوژرانی ناو براوی لێ دەکەوێتەوە، سەرچاوەیک لە پۆلیسی جەلەولا پی راگەیاندین کە ئەو بۆمبە کاتژمێر پێنجی سەر لەبەیانی تەقیوەتەوەو تائێستا کەسێک بەگومانی ئەو کارە دەستگیر نەکراوە.

## ژنێک دەکوژرێ

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ رۆژی 2007-8-3 ولاتی (ن،م) کە خەڵکی گوندی لادەرە سەربەناوچەی شلێر تەمەنی 28 ساڵە بە دەمانچە کوژراوە سەرچاوەکە وتی ناوبراو ماوەیەکە تۆراوە بەهۆی کێشەیێکی خێزانی خۆیان، سەرچاوەی هەواڵەکە ئەوەشی راگەیاند کە تائێستا هۆکاری کوشتنەکەی نەزانراوە کە ئایا بەدەستی کەس و کارەکەی کوژراوە یان خۆی کوشتووە

## باڵەکایەتی: ئاگر دەکەوێتەوەو ئاگرکوژێنەوەش بەدوای ئۆتۆمۆبێل دەگەڕێن

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ، رۆژی 2007-7-26 بەهۆی ئاگر کەوتنەوە لەگوندی(لەدوا) لەدەڤەری باڵەکایەتی، ماڵی مەلاعەزیز سوتا کە زیانەکەی بە نۆ هەزار دۆلار مەزەندە دەکرێ. جێگەی ئاماژەیە کە تیپی ئاگرکوژێنەوە بۆکۆنترۆڵ کردنی ئاگرەکە بێ ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوە رۆشتبوون بۆ شوێنی روداوەکە و وەک پێویست نەیان توانی ئەرکی خۆیان ڕاپەرێنن، وتیان کەسەیارەکەمان خراپ بووە وماوەی هەشت مانگە ناردومانە بۆ سۆران بۆ چاککردنەوە،ئێستاش بۆ مانیان نەهێناوەتەوە.

## کارگێڕ مەڵبەندێک دەست لەکاردەکێشێتەوە

بەهۆی گەندەڵی لە ئیشوکارەکانی ئیدارەی دوزخورماتوو کارگێری مەڵبەندی 16ی حەمرین یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، دەستی لەکار کێشایەوە بەناوی ( چەچان لەکی) لەم بارەیەوە سەرچاوەیەک بە پەیامنێڕانی راگەیاند، بەهۆی گەندەڵی لە ئیدارەی دوزخورماتوو، بە باش رانەپەراندنی ئیشوکارەکانی قائیمقامی دوزخورماتوو دەستی لەکار کێشایەوەو هەروەها وتیشی جگە لەوە ئەو بودجەی کە بۆ شارەکە تەرخان کراوە بەگوێرەی پێویست کاری بۆ نەکرا.

## کەلار: کەمی گاز خاوەن موەلیدەکان نیگەران دەکات

بەهۆی کەمی و نەبوونی گاز بۆ موەلیدە ئەهلیەکانی شاری کەلارو دەوروبەری، زۆربەی خاوەن موەلیدەکان کێشەو گرفتیان بۆ دروستکراوەو وە بەنیازی داخستنی موەلیدەکانیانن. لەم بارەوە سەرپەرشتیاری موەلیدە ئەهلیەکانی شاری کەلارو دەوروبەری (عومەر عەبدوڵا حسێن) پێی راگەیاندین کە دوای ئەوەی ئێمە لەگەڵ پارێزگای سلێمانی کۆبووینەوە لەبارەی دابینکردنی ئەو برە گازە کە بۆ خاوەن موەلیدەکان قسەمان کردووەو ئەوانیش بەڵێنیان داوە، کە ئەو برە گازەمان پێ بدەن وەئێستا کێشەکەمان هێور بۆتەوە .

## دوو فێرخوازی زانکۆ بەسوتاوی دەدۆزرێنەوە

رۆژی پێنج شەممەی رابردوو2-8-2007 لە گەرەکی بەختیاری شاری سلێمانیدا لەناو گەراجی ماڵێکدا دوو فێرخوازی زانکۆ بەسوتاوی تەرمەکانیان دەزرایەوە، سەرچاوەیکی پۆلیس رایگەیاندووە کە چەند کەسێکی نەناسراو ئەو دوو فێرخوازەیان گەیاندۆتە یەکەی شیکاری پزیشکی دادوەری و دواتر خۆیان بزر کردووە .

بە گوێرەی زانیارییەکان هەردوو فێرخوازەکە بەماددەیێکی نەزانراو سوتێنراون بەڵام، بنەماڵەی کورەکە بانگشەی ئەوە دەکەن کە بەهۆی گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆنەوە خنکاون، بە وتەی ئەوان ئەورۆژە هەردوو فێرخوازەکە چوونەتە ناو گەراجی ماڵی کورەکە کە گەراجێکی داخراوبووە، چوونکە ئۆتۆمبیلەکە کاری کردووە،بەهۆی خراپی گزۆزەکەوە گازی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن هاتۆتە ژوورەوە قانگی داون. بە هۆیەوە خنکاون و گیانیان لەدەست داوە، جێگەی ئاماژەیە دوو قوربانیەکە فێرخوازی زانکۆی سلێمانین، و کورەکە لە پۆلی یەکەمی کۆلیژی یاسایەو کچەکەش لە پۆلی دووەمی فیزیابووە.

## گەورە تیرۆرستێک دەستگیر دەکرێ

سەرچاوەیکی ئاگادار لە شارۆچکەی جەلەولا پێی راگەیاندین دوای ئەو زانیارییەی کە بەر دەستی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی جەلەولا کەوتووە توانراوە لە هەڵمەتێکدا سەر لەئێوارەی رۆژی 3-8-2007 لە لایەن ئەو هێزەوە تیرۆریستێک بەناوی ماجید قەنناسدەستگیر بکرێت کە عەرەبێکی سوننەیەو خەڵکی ناوچەی شارەبان دەورو بەرێتی سەرچاوەکە ئەوەشی راگەیاند، کە ناو براو چەندین کردەوەی تیرۆریستی وەک رفاندن و کوشتنی ئەنجامداوەو شایانی باسە ئێستا ناوبراو لەژێر لێکۆڵینەوە دایە

# هەواڵی سەیر

رۆژی 2-8-2007 فەرماندەی یەکێک لە فەوجە سەربازیەکانی (کەرکوک) ئۆتۆمبیلەکەی خۆی و پاسەوانەکانی بە رۆن ساید(مخالفی ) بەجادەیێکی گەرەکی شوریجەی کەرکوک دا تێدەپەرن، ئۆتۆمبیلێکیش بەرەو روویان دێت ونازانێ بۆچی ئەوان وا بە مخالفی لێرەوە دێن چونکە ئۆتۆمبیلەکەی ئەوانیش مەدەنی بوو، هەر بەو هۆیەوەئەوان سەریان لێ تێکدەچێ وبە هێواشی لەیەکتر دەدەن، بەبێ ئەوەی ئەو کوڕە کەناوی (ا-ع-ش) هیچ تاوانێکی هەبێ و ئۆتۆمبێلە کەی ئەمیش بەریان نەکەوتوە، ئەوان خۆیان لەخۆیان داوە، کەچی کوڕەکە دادەگرن و زۆر زۆری لێدەدەن وخەڵتانی خوێنی دەکەن. کوڕەکەش پێان دەڵێ، کاک(-) من کوڕی فلانم وچاکیش تۆ دەناسم، ئەمەشت بەسەرناڕوات، دوای ئەوەی کاک (فلان)دەڵێ برادەرینە ئەوە خزمی خۆشمانەوکارێکی زۆرخراپمان کرد، شایانی باسە پاسەوانەکانی ئەو برادەرە هەرجارو ناجارێک کێشەیێکی گەورەی دزی کردنی ئۆتۆمبێل و خەڵک برینداركردن دروست دەکەن و دوایش هەرخۆیان بۆیان چارەسەر دەکەن. بەم شێوەیەکەرکوک ئازاد دەکەین وتیرۆر بنە بڕدەکرێ وشارەکە دەبێتە شامی شەریف.

* رۆژی 2007-7-29 لەفلکەیێکی ناو بازاڕی چەمچەماڵ کەسوڕانەوەی تیاقەدەغەیە لەڕوی یاسایی یەوەشۆفیری قائم مقامی شارلە بەرچاوی خەڵک بەپۆلیسی هاتۆچۆکەی وت؛ کەهێماکە لاببات و دەسوڕێتەوە پۆلیسی نەگبەتیش بەقسەی کردوسوڕایەوە، باشەئەگەرکەسی بەر پرس خۆی یاسا بشکێنێ لەبەرئەوەی دەستی دەڕوا، ئەی خەڵکی بێ پشت وپەنا بۆچی والێ دەکەن لەسەر بچووکترین مخالفەکردن پسولەیەکی( 30 )هەزاردیناری بۆدەبڕن، دیارەزەمان زەمانی قەرەقوشە.

* (مامۆستا، -م-) کەمامۆستایەکی لێهاتووی وانەی فیزیایە لەقەزای چەمچەماڵ و لەناوەندی باسەڕەی کوڕان وانەدەڵێتەوە.ساڵی پار لەبەرنەبوونی مامۆستا لەیەکێک لەئامادەییە کانی چەمچەماڵ خۆبەخشانە وانەی فیزیای بۆیان وتۆتەوە. ئەمساڵ لەکاتی تاقی کردنەوەکانی کۆتایی ساڵی ئامادەییەکانداچاودێربووە، بەڵام لەپەیمانگایەکی شاری سلێمانی بانگێشت کراوە بۆ وانەوتنەوەی کۆمپیوتەر بۆیە مۆڵەت لەسەرپەرشتیارەپسپۆڕیەکەی چەمچەماڵ(ع-ن) وەردەگرێ نارِوات بۆچاودێری یەکەی، کەچی بەڕێوەبەری هۆڵی تاقی کردنەوەکە (ح-غ) پارەی چاودێری یەکەی وەردەگرێ بەناوی یەکێکی دیکەوەو لەولاشەوەغائیبی دەدات، بەهۆی کێشەی نێوان بەڕێوەبەری پەروەردەو سەرپەرشتیارە پسپۆڕی یەکەو لەمانگی تەموز (18 رۆژ غائب) دەدرێ و(255)هەزاردیناری لێ دەبڕن، سەیرەکە لەوە دایە ئەومامۆستاماندووە مۆڵەت بووە و غائب دراوە، ئەگەرغائبە بۆی پارەی چاودێریەکەی بۆخەرج کراوە، ئەی کەخەرج کراوە بۆ چی غائب دراوە، مامۆستا(م) ئەم ساڵ بەکارگوزاریش بێت خۆم دەگوێزمەوە بۆ شوێنێکی دیکە کە سەربە پەروەردەی چەمچەماڵ نەبێ وخۆم رزگاردەکەم.

* کۆنترۆڵ و پشکنینی دەفتەری تاقیکردنەوەکانی قۆناغی سەرەتایی پەروەردەی گەرمیان و چەمچەماڵ ئەم ساڵ لە قەزای کەلار ئەنجام درا. بۆ ئەو مەبەستە کۆمەڵێ مامۆستاو بەڕێوەبەر دەبەن بۆ کەلار، بەڵام بە پێ ی دووری شوێنەکە و ماوەی مانەوەیان لەسەر کارەکە پارەی خواردن و کرێ ئۆتێل و ئۆتۆمبێلیان بۆ خەرج دەکرێ. ئەمساڵ چاوبەستەکێ یەکی گەورەیان لەمامۆستایانی چەمچەماڵ کردووە و پێان وتوون کەئێوە پارەی خواردن وئوتێلتان پێ نادرێ، ئەمانیش دەچنە وەزارەتی پەروەردە لەهەولێر بۆ ئەو مەبەستە لەوێ دەرئەکەوێت کەهەریەکەیان 720هەزاردیناریان بۆ خەرج کراوە دەبێ وەری بگرن و نوسراویانیش بۆ دەدکەن، بەڵام ئەودوو مانگە هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوە لەلایەن پەروەردەی چەمچەماڵ و گەرمیانەوە دەڵێن تازە رۆی و نوسراوەکەش وون بووەو نادۆزرێتەوە. کێ بڕوابەم کەین وبەینە دەکاو کێ بەرپرسە لێ ی؟ ئەی بۆچی لێپرسینەوە لەم کارە نهاکەن لەکاتێکدا هەموو شوێنە بەرپرسەکانی پەروەردە ئاگادارن.

*- زیاتر لە (10) رۆژە ئاوو کارەبای گەرەکە کوردیەکانی شاری کەرکوک بەم گەرمایە زۆر زۆر خراپ بووە.(موەلیدە) ئەهلیەکان چونکە هی بەرپرسەکانن بەکەیفی خۆیان کارەباکەیان پێ دەدەن، فەرمانگەی کارەباش بەپێی بەرنامەکەیان بێت زۆر جار کارەبای نیشتمانی و موەلیدە لەیەک کاتدادەدەن واتە ئەوە بێ بەرنامەیی نی یە؟ بەپێچەوانەوە خۆیان بەئەنقەست وایان دارِشتوە، کەکارەباش نەبێ لەو کەرکوکە گەرمەدا ئاویش دەبێتە ئەزمە، ئەوەباسی سەهۆڵ هەرناکرێ، یەکێک لەو گەرەکانە گەرەکی شۆریجەیە، سەدان ژن و منداڵ و عارەبانەی دەستی بەجلیکانەوەبەدوای تەنکەرێکەوە رادەکەن یان دەچن ئاوی شۆری مزگەوتەکان دەهێنن. بەراستی نیگەرانی ودڵ تەنگی خەڵکی ئەوشارەی داگیر کردوەو کەسیش نیە بەجدی ئاوری لێ بداتەوە.